**دەنگەکان** : **ئایا ڕەنگ و هێڵ توانیوویانە مامەڵەیەکی جیاواز لە وشە لەگەڵ ئەنفالدا بکەن؟ ئاخۆ هونەری شێوەکاریی توانیوویەتی تایبەتمەندییەکی جوانناسی سەبارەت بە ئەنفال دابهێنێ؟**

**دارا ئارام** :



ئەگەر ڕەنگ و هێڵەکان بە هێزتر نەبێ لە دەوری وشەکان ئەوا کەمتر نییە لەو دەربڕینانەی کە بە وشە بۆ ئەنفال دەردەبڕرێت. چونکە ڕەنگ و هێڵەکان زمانێکی جیهانین و مرۆڤ بە هەموو زمانە جیاوازەکانەوە دەتوانن لە مانای ئەنفال تێبگەن وبروسکەکان زووتر دەگەنە مرۆڤی هاوچەرخ بەتایبەت ژیانی خێرایی مرۆڤی ئەمرۆ کە شتەکان لە چاودا دەبینێت و میدیا چاوی خێرای مرۆڤە لە شوێنە گشتیەکان ، وە لە چاوی جەماوەر وێنە ئاسانترە بۆ لێک تێگەیشتنی مرۆڤەکان لە یەکتر.
ڕەنگ و هێڵەکان ڕۆڵێکی زۆریان بینیوەو دەبینن بۆ پیشاندان و دەرخستنی ئازارەکانی ئەنفال لە جیهانی ناوەو دەرەوە.
نمونەی هەندێک لەو هونەرمەندە جیهانیانەی کە ڕەنگ و هێڵیان بەکارهێناوە بۆ دەربرینی ئازارەکانی نەتەوەکەیان و جیهان ، هەردەم کارەکانیان زیندووترە لە بەردەم چاوی جیهاندا، وەک پیکاسۆ picasoدەربرینی خۆی بۆ گۆرنیکا ، دالیDali دەربرینی بۆ شەری ناوخۆی ئیسپانی، ئارشل گۆرگی Arsil Gorkyدەربرینی بۆ ئازادی ئەرمەنیەکان ، دیگۆر ریڤرا Diego Riveraدەربرینی خۆی بۆ شۆرشی مەکسیک ، ئەندی وارهۆڵ Andy Warholدەربرینی بۆ جەئف کەنەدی، ئەنسلم کیڤەر Anslem Kiferدەربرینی بۆ ئازادی جوولەکەکان، ...... وچەندانی تر کە توانیویانە رەنگ و هێڵ بەکار بهێنن بۆ دەربرینی ئازارەکان.
مەبەستیشم لە ناو هێنانی ئەم هونەرمەندانە ئەوەیە کە بڵێم رەنگ و هێڵەکان رەنگ و هێڵ کاریگەریەکی زۆر بەهێزی هەیە بۆ لەناو نەچونی یادەوەری ئەنفال.
هونەرمەندانی کورد توانیویانە و دەتوانن و کارەساتی ئەنفال بخەنە پێش چاو لە شوێنە گشتیی و تایبەتییەکان بە شێوەیەکی راستەو خۆو ناراستەو خۆ بۆ رای گشتی. لە هەمان کاتدا رەنگ و هێڵەکان وشە دەگرنە باوەش بۆ بەهێز کردنی دەربڕینەکان بۆ ئەنفال .


25 2:58PM


25 2:53PM


25 2:55PM


25 3:01PM